**مراغه (ئەفرازە رود)**

مەراغە، یەک لە شارەکانی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژهەڵاتە و کەوتۆتە باکووری رۆژهەڵاتی بۆکان. مەراغە لە چەندین بارەوە پەیوەندیی بە کوردستان و بۆکان پەیدادەکات: کوێستانی ماین بڵاغ کە هاوینەهەواری خێڵە کوردەکانیش بوە کەوتۆتە نێوان مەراغە و ساینقەڵا؛ لە سەردەمێکدا کە مەراغە پێتەختی هولاکووخان بوە، بۆکان و سەرچۆمی تەتەهو هەوارگەی هولاکو بوە و قەبری زۆرێک لە سەرانی مغول لە دەوروبەری بۆکان و بۆ نموونە لە گوندی شەرەفکەندن؛ مەراغە نزیکترین شوێنی پەیوەندی رۆژهەڵاتی کوردستانە بە هێڵی ئاسنی سەرانسەریی ئێران، موکری قڕان لە مەراغە رووی داوە، سەردار حەمەحسێن خانی سەردار موکری لەوێ بەدەستی سۆپای عوسمانی ئیعدام کراوە و ...

ئەم کتێبە، نووسەرەکەی گەلێک دژ بە کوردە، بەڵام لە باسی زمان و رەگەز دا (لاپەڕە ١٢٥) زمانی خەڵکی ناوچەکە بە ئازەری ناوسەبات نە تورکی و دەڵێ ئەم دوانە لەیەک جیاوازن کە راستەقینەش هەر وایە. مەسەلەی هاتنی تورکان بۆ ناوچەکەش دەگەڕێتەوە سەردەمی سەلجوقیەکان، کە ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی تورکانی تورانی و پان تورکیست یەک ناگرێتەوە.

نووسەر لە چەند شوێن باسی کورد دەکات یەکیان کوشتاری شاعەبباسی سەفەوی لە کوردی موکری(١٠١٩ک) و ئەویتر "رووداوی بڵباس"(١٢٨٤ک) و هەروەها هێرشی شێخ عبدالقادری کوڕی شێخ عوبەیدیللای نەهری بۆسەر "بناو" – کە شاروچکەیەکی پەیوەست بە مەراغەیە(١٩٧ک) و لە هەموو ئەوانە دا دژایەتی زۆری کورد دەکات. لە باسی حکوومەتی ئازەربایجان (١٣٢٤) یشدا دژ بە حکوومەتی میللی ئازەربایجان دەوەستێت(لاپەڕە ٧٠٧).

ئەم کتێبە بۆ نووسینی سەرجەمی مێژووی ناوچەی بۆکان گەلێک پێویستە و زانیاری زۆر سەبارەت بە دامەزرانی قوتابخانە دەوڵەتیەکان و سوپا و پادگان و ... لە مەراغە ئاراستە دەکات، کە بۆ بەراوردکاریی لەگەڵ ژیانی سیاسی – فەرهەنگی بۆکان گرنگی زۆریان هەیە.

یونس مرواريد؛ "مراغه (ئەفرازە روود" از نظر اوضاع طبیعی، اجتماعی، اقتصادی، تاریخی"، ناشر ؟ ، ١٣٦٠[١٩٨١]، ٧١٥صفحه، فارسی